# پیرۆزی هاوڕێیەتی، لەدوای پیرۆزی دایکەوەیە

شاناز



لەڕووی دەروونیەوە، هیچ تاکێك ناتوانێت بەتەنها بژیت، چونکە پێویستی بەکەسانی دیکە دەبێت، بۆ کۆمەڵایەتی بوون و ئاڵووگۆڕکردن، هەست، ئاگاو بۆ پێداویستیەکان پێویستمان بەکەسانی تر هەیە بۆ هاوسەنگی بوونی هەستو ئاگاو روحی تاك. دەبێ لەنێوان تاکدا پێداویستیەکان بگۆڕنەوە، سۆزو خۆشەویستی، ڕێز لەنێوانیاندا دروست ببێت. ئەمەش جۆرێکە لە پاڵنەری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو شارستانیەت کە بۆتە کامڵ بوون و هاوسەنگ بوون و پێویستمان بەیەکتر دەبێت. زۆرجار تاك لەناو خێزاندا ئەو هاوسەنگیەو سۆزو خۆشەویستیە لەناو خێزانەکەیدا نادۆزرێتەوە، تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ. پێویستی بەکەسەکانی دیکە دەبێ لەدەرەوەی خێزاندا، ئەویش هاوڕێیەتییە لەسنووری خۆیدا. هۆی دروست بوونی هاوڕێیەتی لەوەدایە بە وریایەوە هاوڕێیەك دەست نیشان بکرێت. لەمنداڵیدا هاوڕێیەتی، دۆزینەوەی خودو جیهانێکی تایبەتیە. لەسەردەمی هەرزەکاریدا، هاوڕێیەتی مۆدێرن و هیوایەتو کاریگەربوونە بەیەکتر. لەماڵەوە ڕادەکاتو خێزان لێی تێناگەن. لەسەردەمی پیریدا بەسەربردنی کاتو گێڕانەوەی یادەوەریەکانە، بەڵام زۆرجار هاوڕێیەتی لەکاتێکی کەمدا دروست دەبێ، کەسێك بە بینینێك زوو دەبێتە هاوڕێمان، وەك لەناوپاسدا، یان لەکۆڕو کۆبوونەوەیەکدا.... هتد بەتایبەتی کچان و کوڕان. ئایا هاوڕێیەتیەك کە کتو پڕ دروست ببێ، بەبێ بناغەی ڕاستگۆیی، بێ دڵنیابوون. ئاخۆ تا چەندە ئەم هاوڕێیەتیە بەردەوام دەبێت؟، مەبەستێکی شاراوەی لەدواوە هەیە.

لەناو کوردەواریدا، لەدێرزەمانەوە هاوڕێیەتی تەنها لەنێوان پیاو پیاودا، ژن و ژندا هەبووەو دەستە خوشك بوون. ئەگەر پیاوێك بەنیازێکی پاك، نەك خۆشەویستیو مەبەستی هاوسەرێتی، بەڵکو وەك خزمێك یان هاوڕێیەك قسەی لەگەڵ ئافرەتێکدا بکردایەو پەیوەندیان هەبوایە. ئەوا لەناو خەڵکیدا بەشێوەیەکی ناشیرین باسی هەردوولا دەکرا، دەکەوتنە بەر هێرش، خەڵك قسەو قسەلۆکیان بۆ هەڵدەبەستان، بە ئاژاوەو موشکیلەی گەورە کۆتایی بەهاوڕێیەتیەکەیان دەهات، هەندێ جار کوشتنیشی تێدا دەبوو، بەڵام ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی زانستو ڕۆشنبیری شارستانیەتدا تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان بەدنیای دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری، بواری خوێندن و تێکەڵاوبوونی کچان و کوڕان لەخوێندنگاو زانکۆو دامودەزگاکاندا. زیاتر پەیوەندی هاوڕێیەتی لەنێوان کچو کوڕدا لەفراوان بووندایە. ئەم زیاتر یەکتر ناسین و هاوڕێیەتیە، بۆتە هۆی هاوسەر گیریو خۆشەویستی نێوان کچو کوڕ، بەڵام زۆرجاریش هاوڕێیەتی کچو کوڕ بۆتە کێشە، ئاڵۆزیو ناخۆشی لەژیانی ئەو دوو هاوڕێیەدا، بەتایبەتی بۆ کچەکە، چونکە ئەو دوو کەسە لەمانای هاوڕێیەتیەکەیان نەگەیشتوون، هاوڕێیەتیەکەیان تەنها بۆ مەبەستێکی دیار کراوبووە، واش ڕێك دەکەوێت هاوڕێیەتی کچو کوڕ بێ هیچ مەبەستێك بێت، لەسەر بنچینەیەکی ئەمەك پاکیو ڕاست گۆی دروست ببێ. کە بەدرێژایی ژیان ئەو دوو کەسە، هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی یەکتر نابن.

هەر بەمەبەستی دروست بوونی هاوڕێیەتی نێوان کچو کوڕدا چەند کوڕ و کچێکمان هێنا دواندن و بەم شێوەیە پرسیارمان ئاراستەکردن.

پرسیار: ڕات چییە لەسەر هاوڕێیەتی کچ، کوڕ؟، ئایا کاریگەری باش، یان خراپی ئەم هاوڕێیەتیە چۆن دەبینیت؟ بەڕای تۆ هاوڕێیەتی لە چ تەمەنێکدا دروست ببێ باشە؟

سەرکەوت عەلی: ئەندازیار/ هاوڕێیەتی هەبێت بەس بەکەمی، هەموو کەس نەکەن بەهاوڕێی خۆیان، زۆر تێکەڵاویش نەبن بەیەکتر باشترە، باش لەوەدایە کچ، کوڕ شارەزایی هەستو دڵو ڕاوبۆچوونی یەکتر بن. خراپیەکەشی لەوەدایە زۆرجار بەهۆی هاوڕێیەتیەوە تووشی هەڵەو ناخۆشی دەبن. بەڕای من هاوڕێیەتی کچ، کوڕ هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە دروست ببێتو هەبێت بۆ ئەوەی کە گەورەبوون نامۆ نەبێت. زیاتر کچان لەهەڵسوکەوتو نیازی کوڕان شارەزابن. وەك لەوەی یەکەمجاریان بێت، هاوڕێیەتی دروست بێت لەگەورەییدا.

گوڵاڵە سەدیق: مامۆستا/ بەڕای من نەبێت باشترە، چونکە ئەوەندە هاوڕێیەتی کچ، کوڕمان دیووە کە تەنها بۆ مەبەستێك بووە، پاشتر زویر بوون لەیەکتری لێکەوتۆتەوە، جا بۆیە دەڵێم هەر نەبێت باشترە لەم جۆرە هاوڕێیەتیەدا، بە دەگمەن کۆتایی ئەنجامی باشی دەبێت. بەتایبەتی ئێستا ئەگەر باشەکانیش زۆربێت بەیەك هەڵەی خراپەکان هەمووباشیەکان لەناو دەبەن. کاریگەری زۆر خراپی لێ کەوتۆتەوە، خراپیەکە بەتایبەتی بەسەر کچەکەدا شکاوەتەوە، ئەگەر تاوانی کوڕەکەش بێت.

هاوڕێیەتی لەهەر تەمەنێکدا، دروست ببێت، هەر هاوڕێیەتیە هیچ جیاوازی نیە.

هەروەها هاوڕێیەتی هونەری خۆی تێدایە. وەفاو خۆشەویستیو دڵسۆزی، نیشانەی هاوڕێیەتی پاكو بێگەردن. زۆرجار هاوڕێیەکت دەبێ کە ساڵانێکی زۆر بەیەکەوە دەبن، لە چەندین خۆشیو ناخۆشی بەیەکەوە بووینە، وا ڕێك دەکەوێت ئەو هاوڕێیەتیە بە چەند ساتێکو بەهەڵەیەکی بچووك بدۆڕێنێ، مانای هاوڕێیەتیەکەیان لەناو ببەن. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سایکۆلۆژی ژیان تەواونیە، ئیرادەی لێبووردن نیە. لەوڵاتانی پێشکەوتوو وشەی ببوورە زۆر بەکار دەهێنن، بەڵام لای ئێمە زۆر بەکەمی لێبووردن بەکار دەهێنرێت. وشەی ببوورە یەکێکە لەو ڕەوشتانەی کە بەردەوامی بەهاوڕێیەتی دەدات، هەروەها هاوڕێیەتی لە زۆرشتی تێکدەرانە دووردەخاتەوە. خۆشەویستیو ڕاستگۆی دەردەخات، ئەگەر هەڵەیەکیش ڕوویدات بەداوای لێبووردن لەهاوڕێیەکەت، دەبێتە هۆی درێژەدان بەهاوڕێیەتیەکەت، جگەلەوەی هاوڕێیەتی کچ، کوڕ لەم سەردەمە ڕێژەیەکی کەم هاوکاریو یارمەتی دەردەبن بۆ یەکتر، دڵسۆزیو ڕاستگۆیی دەگمەن دەردەکەوێت. لەناو کوڕاندا. ئەگەر کچو کوڕێك هاوڕێیەتیەکەیان بەردەوام بێت. ئەوان بەکارێکی ناشیاوی تێدەگەن، هاوڕێیەتیەکان دەبەنەوە بۆ مەبەستێك، پێیانوایە تەنها مەبەست لە هاوڕێیەتیەکەیاندا کاری خراپە. هەروەها کوڕان دەیانەوێ بەناوی هاوڕێیەتیەوە، دیاریو کەلوپەل بۆ کچان بکڕن، ئەگەر کچەکە وەری نەگرێت، پێی دەڵێت ئەوا تۆ ڕاست نیت، لەگەڵ هاوڕێیەتیەکەماندا بەدڵت نیە، ساردی لەهاوڕێیەتیدا هەیە بەو بیانۆیەوە هاوڕێ کچەکەیان قۆرغ دەکەن.

زۆرجار کوڕان هاوڕێیەتیەکەیان لەگەڵ کچاندا دەبەنەوە بۆ کاری سێکسی کە ئەمەش زۆر دوورە لەهاوڕێیەتیەوە، بەڵکو سوکایەتی کردنە بەهاوڕێیەتیەوە. زۆرجار هاوڕێیەتی کچ، کوڕ تێك چووە، لەسەر ئەو ئارەزووە سێکسیانەی کە کوڕان دەیانەوێتو کچان نارازی دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان لە هاوڕێیەتیدا، کۆتایی بەهاوڕێیەتیەکەیان دێنێت.

هەر بەمەبەستی وتوێژ لەگەڵ ئەو کەسانەی لەهاوڕێیەتیەکەیان دابڕاون و هۆکارێك بۆتە هۆی کۆتایی هێنان بەهاوڕێیەتیەکەیان. پرسیارمان لەم بەڕێزانە کرد.

پرسیار: هاوڕێیەتی چ مانایەك دەبەخشێ لەلای تۆ؟، هاوڕێیەتی تا چەند پیرۆزە لای؟ ئایا هاوڕێیەتی ڕەگەزی بەرامبەرت هەیە؟، تا ئێستا هیچ هاوڕێیەکت دۆڕاندووە؟.

پێشڕەو مامەند: خوێندکاری زانکۆ/ هیچ وشەیەك نیە لەوشەی هاوڕێیەتی جوانتربێت، بۆ مانای هاوڕێیەتی. زۆر پیرۆزە لام، هاوڕێی کچم زۆرە، بەڵام زۆر بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، هەستیان ناڕوشێنم، چونکە ئافرەت هەستی زۆر ناسکە. هەتا ئێستا هیچ هاوڕێیەکم نەدۆڕاندووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە چەند هاوڕێیەکم منیان دۆڕاندووە تا مردن لێیان زویرم

شەیدا فاتیح: فەرمانبەر/ هاوڕێیەتی بە مانای ڕاستگۆییو خۆشەویستییە، زۆر پیرۆزبوو لام، بەڵام وانەماوم باوەڕم کەم بۆتەوە پێی، چونکە زۆر ناپاکیان لەگەڵ کردم. هاوڕێی کوڕم هەبووە، بەڵام زۆر سیقەم نەماوە بەهاوڕێیەتی کوڕان، چونکە دەست بڕن. هەتا ئێستا زۆر هاوڕێم گۆڕیوەو پاڵم پێوەناون. بەزۆری کوڕان، چونکە بەپێچەوانەوە زۆرجار دژی خواستەکانم بوون، بەڵام خاوڕێی کچم نەدۆڕاندووە.

هەروەها پێویستە بڵێین کە هاوڕێیەتی نرخو بەهای خۆی هەیە. گرنگ ئەوەیە تا چەندە ئەو نرخە بەرزە لەدڵو هەستی خۆماندا بهێڵینەوە. لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتیدا وا دەرکەوتووە کە گەنجان حەز دەکەن لەگەڵ کەسانێکدا ببنە هاوڕێ کە لەخۆیان زیرەکترو ڕۆشنبیر تر بێت. بێئەوەی گوێ بدەنە تەمەن، گرنگ نیە کە هاوڕێکەت لەخۆت گەورەتربێت یان بچووکترە، یاخود پیشەکەی جیاوازە، یان جوانە یان ناشیرینە، یاخود بڕوانامەی بەرزتربێت یان کەمتر. گرنگ ڕاگرتنی هەستی هاوڕێیەتی کچو کوڕە تا بزانن چۆن ئەو هاوڕێیەتیە دەپارێزن و بۆ چ مەبەستێك بەکاری دێنن.

لەکۆتاییدا هیوادارین کە کچان و کوڕانی وڵاتی ئێمەش هاوڕێیەتیەکەیان تەنها بۆ زانستو ڕۆشنبیری بێت، نەك بۆ کات بەسەربردن و هەڵخەڵەتاندنی کچان بێت.

# بۆچی خانووی خەڵك دەڕوخێنن!

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی پەیامنێر، ئەمڕۆ پێنج شەممە، ڕێکەوتی 18-5-2006 بەسەرپەرشتی قایمقامی هەولێر لەشارەدێی پیرزین حەوت خانووی تەواو لەگەڵ چوار هەیکەلو سێ ژێرخان رووخێندراون، ژمارەیەك ماڵیش ئاگادارکراونەتەوە کە دەبێ لەماوەی 48 سەعاتدا ماڵەکانیان چۆڵ بکەن، دەنا پۆلیسی ئافرەت دێ، ژنەکان لە ماڵەکانیان دەردێنن و خانووەکانیشیان دەڕووخێنن. پاساو بۆ ڕووخاندنی خانووی وڵاتیان ئەوەیە لێژنەی بنبڕکردنی زیادەڕۆیی هەڵمەتی خۆی دەستپێکردووەو ئەو خانووانەش بەبێ ئیجازە دروست کراون. ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا لەکاتێکدا هاوخەمی خۆمان لەگەڵ ئەو وڵاتیانە ڕادەگەیەنین کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لێروخێندراوە، لەهەمان کاتدا ئەو هەڵمەتە ریسوا دەکەین و داوادەکەین کە دەست بەجێ ئەو هەڵمەتە ڕابگیرێو چیتر لەژێر بیانۆی جۆراوجۆرەوە شوێنی حەوانەوەی خەڵك نەڕوخێندرێ.

ئێمە پشتیوانی لەهەر هەوڵێك دەکەین کە بەمەبەستی جوانکاریو پێشخستنی شارەکان و دەرخستنی ڕووی شارستانێتی گەلەکەمان بەڕێوەبچێت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین کە پۆلیس هەڵبکوتێتە سەر شوێنی حەوانەی خەڵكو بەسەریاندا بڕوخێنێ. ئەو هەڵمەتە ئەگەرچی بەشێوازو لەبەرگێکی دیکەدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام دیسانیشەوە ئەو هەڵمەتانەمان وەبیر دێنێتەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس بەبیانۆی جۆراوجۆرەوە ئەنجام دەدران، هەڵدەکوترایە سەر ماڵی خەڵكو خانووەکانیان لێ دەڕوخاندن. ئێمە دەپرسین: ئەگەر لێژنەی بنبڕکردنی زیادەڕۆیی دەیەوێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ با لەدەستپێکدا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانە بکات کە بەبەرچاوی هەموانەوە زیادەڕۆیی دەکەن، موڵكو زەوی خەڵك داگیردەکەن و کۆمپانیاو کارخانەیان لەسەر دادەمەزرێنن.

**مەکتەبی کۆمەڵایەتی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2006-5-18



# ئایا گەنجان و لاوانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی لەئاستی بەرپرسیارێتیدان؟!

**هۆشیار عەبدولڕەحمان**



توێژی گەنجان و لاوانی هەر کۆمەڵگەیەك ڕەنگدانەوەی ڕۆڵو توانای بەهێز و بێ هێزی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدەن. کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری ئەم جیهانە لەچەند چین و توێژێك پێکهاتووە، بۆیە هەموو کۆمەڵگەیەك پشت بەهێزو توانا و کاریگەری گەنج دەبەستێت. لەبەرئەوەی ئەم توێژە خاوەن داینەمۆیەکی بەردەوامو بەهێزەو هەموو گۆڕانکاریەكو نوێ بوونەوەیەك لەسەر دەستی ئەو ڕوو دەدات. ئەم توێژە هەمیشە خاوەن هێزەو لەپێشەوەی خەباتو قوربانی دانە، ئەگەر سەیری ڕووداوو گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردی بکەین لەهەموو ئەو شۆڕشو خەباتو تێکۆشانە دەبینین، گەنجان و لاوانی کوردی دەورو ڕۆڵی کاریگەر، باشیان بینیوە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و خاوەن قوربانیەکی زۆرن و مافی ڕەوای خۆشیانە شانازی بەو تێکۆشان و قوربانیەوە بکەن و لەبەری ئەو دەستکەوتانە بخۆن و بحەسێنەوەو بەئاسوودەیش بژیێن، بەڵام دەبینین لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 بەدواوە بەڕاستی ملامانێو کێشمە کێشم هاتە ئاراوە لەنێوان دوو نەوەی جیاواز کە هەریەکەو بەدیدو تێڕوانینێکی جیاوازەوە دەڕوانێتە سەرجەم مەسەلەکان. نەوەیەك کە لەپێش ڕاپەڕین کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد خۆی بەخاوەن پرۆسەیەکی ماندووبوون و قوربانیو تێکۆشان دەزانێو ئامادەش نیەو هەروا بەئاسانی ڕابردوو لەبیر بکاو هەموو مەسەلەکان تەسلیمی نەوەی نوێ بکات، جێگەی بۆ چۆڵ بکات، نەوەی دووەمیش کە لەدوای ڕاپەڕینەوە پێگەیشتووە خۆی بەجێگرەوەی نەوەی کۆن دەزانێو بەبیرێکی تری جیاواز، بۆچوونی جیاوازەوە سەیری خەباتو تێکۆشان و قوربانیەکان و پیرۆزی نیشتیمان دەکاتو تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیەو بەسەرپێیو سادەیی سەیری ڕابردوو دەکاتو گلەیش لەنەوەی پێش ڕاپەڕین دەکاتو کە دەیەوێ هەموو مەسەلەکان هەر بەپیرۆزی سەیر نەکرێت لەسەر خەیاڵی ڕابردوو نەژێت. لێرەدا پرسیارێك ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە، ئایا مافی نەوەی پێش ڕاپەڕینە کە خۆی بەخاوەنی هەموو دەستکەوتە نەتەوەییو نیشتیمانیو قوربانیەکان بزانێتو نەوەی نوێی لێ بێبەری بکات، یاخود مافی نەوەی نوێیە جێ بەنەوەی کۆن چۆڵ بکاتو ببێتە خاوەن بڕیارو دەسەڵاتو لێپرسراوێتی لەئەستۆ بگرێت؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ زۆر بە واقیعبینانە سەیری پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین لەڕووی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو فەرهەنگیەوە. من پێم وایە کۆمەڵگەی کوردی واقعێکی تایبەتی بەخۆی هەیەو پێویستە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ زۆر واقیعانە بڕواننە ڕووداو، گۆڕانکاریو بڕینی سەرجەم قۆناغەکانی کۆمەڵگەی کوردی. بۆیە دەبێ دان بەوە دابنێن کە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵی کوردی هەر لەتاكو خێزان و کۆمەڵگەشەوە بەکەمو کوڕیو سەقەتی لەدایك بووە، بۆیە ئەم کەمو کوڕیە لەپرۆسەی پەروەردەکردن کاری زۆری کردووەتە سەر عەقڵی هەموو تاکێکی کورد هەر لەڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارو بگرە تا نیمچە خوێندەوارێکیش. بۆیە دەبینین نەوەی پێش ڕاپەڕین بەردەوام شانازی بەهەستی نەتەوەییو نیشتیمانیو دەستکەوتەکانی ئەمڕۆوە دەکاتو ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی نەوەی دوای ڕاپەڕین دەکاتو هەستی نەتەوەییو نیشتیمانی لای ئەم نەوەیە بەلاواز لەقەڵەم دەداتو تەنانەت دەڵێ هەستو وەلائی بۆ پرۆسەی سیاسی و نیشتیمانیو کۆمەڵگەو بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگەش لاوازەو تەنانەت گوێ لەئامۆژگاریو ڕێنمایی دایكوباوكو مامۆستاش لەقوتابخانە ناگرێت کە چەند ناوەندێکی پەروەردەییو زانستیو گرنگیشە بۆ دوارۆژی، گوێ نەگرتن و ژێر پێخستنی ئەم هەموو بەهاو قیەمانە وای لەم نەوەیە کردووە کە ڕەخنەو گازاندەی زۆری لێ بکرێتو ئەویش نەتوانێ وەڵامێکی ڕاستو دروستی، شیاوی پێ بێت.

بۆیە پێویستە وەك ئەرکێکی زەروری کە کەوتووەتە ئەستۆی دەستەڵاتداران، نوخبەی کوردی کە زۆر بەجدیانە بەخۆیاندا بچنەوەو خۆیان لەو پەیوەندیە پەروەردە خێڵەکیو دەسەڵات سالارە ڕزگاربکەن. بۆ ئەوەی نەوەیەکی باشو دروستو جێگەی متمانەی کۆمەڵگەو دوارۆژیش بێت. بۆیە پێویستە بەرنامەیەکی زانستیو ئەکادیمیایانەی پەروەردەیی دابڕێژین و دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی بەکردەیی ڕیفۆرم لە دامەزراوەی پەروەردەی کوردی بکرێت لەپێش سەرجەم دامەزراوەکانی تر، چونکە پەروەردە بەخۆی کارتێکردنی لەمرۆڤ، لەسەرجەم بەرکەوتەکانی ترە، پەروەردەکردنی کۆمەڵگە هەر لەدەسپێکی تاكو خێزان و قوتابخانەو زانکۆوە خۆ ئامادەکردنە بۆ بەرهەم هێنانی نەوەیەکی تەندروستو سوودبەخش بۆ کۆمەڵگەو سەرجەم مرۆڤایەتیش.